# خوێنەری تایبەت

## لە بارەی (پێنچەمین کتێب)ی جەبار جەمال غەریب




**هۆشەنگ شێخ محەمەد**

دوای جوانییەکانی ئەم کتێبە، دوای چێژوەرگرتن، ویستم رەخنە لە پێنجەمین کتێب بگرم.

*******

لە بەرگی کۆتایی کتێبەکەدا (جەبار جەمال غەریب) ئەم وشانەی خوارەوەی نوسیوون:
(من بۆ کەسێکی تایبەت نانووسم، بەڵام بۆ خوێنەرێکی تایبەت دەنووسم کە سەرکێشە و حەز بە زمان و فەنتازیا و خەیاڵی جیاواز دەکات، دواجار خۆشی دەگاتە حاڵەتێکی شیعری و کتێبەکەم هەڵدەداتە ناو لافاوێك لە خوێن کە بێگومان خوێنی دڵیەتی، من بۆ هەر رۆمانێك یەك تاکە خوێنەری وام هەبێ دەتوانم درێژە بە نووسین بدەم)

ئەم پەرگرافەی سەرەوەدا، کە (جەبار جەمال غەریب) لە دوا بەرگی کتێبەکەیدا نووسیوییەتی بۆ ئەوەی هەر خوێنەرێك، پێش ئەوەی پێنجەمین کتێب بخوێنێتەوە، بزانێت نووسەر چ خوێنەرێکی گەرەکە؟ ئەم پەرەگرافە دەربڕین لە ئەقڵییەت و تێگەیشتنی جەبار جەمال غەریب دەکات، بۆ پەیوەندی نێوان نووسەر و خوێنەر یان نووسین و خوێندنەوە، دواتریش جۆرێکی پەیوەندی لە نێوان نووسەر و خوێنەر پێشبەر دەکات. کە ئەو پێشبەرییەش چەندین رەهەندی جیاوازی لێدەبێتەوە. کە ناکرێت بێ

خوێندنـەوە تێپـەڕ ببێـت. بۆیـە لـەم نووسینـەدا هـەوڵ دەدەیـن خوێندنەوەیـەك بـۆ ئـەو پەرەگراڤە بکەین و رەخنەی لێ بگرین.

خوێنەری تایبەت کێ یە؟

لـە هەنـدێ نووسـینی کوردیـدا، بـە شـێوەیەکی راسـتەوخۆ یـان ناراسـتەوخۆ، لـەوە گەیشـتووم کـە خوێنـەر لـە رۆشـنبیریی کوردیـدا، تـا ئێسـتا زینـدەوەرێکی کـەم توانـا و ناتایبەت و بێدەسـەڵات و بـێ چێژ و بـێ زەوقـە لـە خوێندنـەوەدا. زۆربـەی نووسـەرانیش ، مەرجی تایبـەتی خۆیان بۆ خوێنـەر هەیە، دەشیانەوێت خوێنـەر ئـەو کەسـە بێت، یـان ئـەو خوێنەرە تایبەتە بێت کە ئەوان حەزی لێدەکەن. چونکە ئەگەر خوێنەر توانی ئـەو کەسـە نـەبێت، کـە چـاوەڕوانییـەکانی نووسـەر بێنێتـە دی، ئـەوە خوێنـەرێکی تایبـەت نییـە و دووریش نییـە، چـەندین نـاو و نـاتۆرەی بـۆ دروست بکرێـت و وەك نەخوێنـدەواریش وەسف بکرێت!

پرسیاری من ئەوەیە ئایا خوێنەری تایبەت کێ یە؟

لـە پەرەگراڤەکـەی جـەبار جـەمال غـەریبدا، لـەوە دەگـەین کـە خوێنـەری تایبـەت ئـەو کەسەیە، کە (حەز بـەزمان و فـەنتازیا و خـەیاڵی جیـاواز دەکـات، دواجـار خۆشـی دەگاتـە حاڵەتێکی شیعری و کتێبەکەم هەڵدەداتە ناو لافاوێك لە خوێن ...تا دوایی پەرگراڤەکە)

ئەمە تێگەیشتنی جەبار جەمال غەریبـە، بـۆ خوێنـەری تایبـەت، بۆیـە لێرەدا پێویسـتە چەندین پرسیار لەسەر ئەو تێگەیشتنەی جەبار جەمال غەریب دروست بکەین:

جـەبار جـەمال غـەریب نووسـەرە و رۆمـانێکی خستۆتە بـەردەستی خوێنـەران، جـا چ تایبەت بن، یان نەبن. خوێنەر بە شێوەیەکی گشتی لـە تێگەیشتنی منـدا، تایبەتـە. هـەر خوێنەرێکە و بۆخۆی، بە تێگەیشتنی خۆی تایبەتمەندیی خۆی هەیە، توانا و زمان و چێژ و فـەنتازیا و رەخنـە و خوێندنـەوەی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، هـەرگیز دوو خوێنـەری وەك یـەکمان نییـە، هەمیشـە خوێنـەرەکان تایبـەتین و جیـاوازی خۆیـان لەگـەڵ یەکـدی رادەگەیـەنن، ئیـدی مـن نـازانم پێوەریی تایبـەتیبوون لـە لای جـەبار جـەمال غـەریب بـۆ پەیوەست کراوە بـە (حـەزکردن لـە زمان و فـەنتازیا و خـەیاڵی جیـاواز)، ئایـا خوێنەرێك هەیە حەز بە زمان و خـەیاڵ و فـەنتازیا نـەکات؟ ئایـا پرۆسـەی چ خوێندنەوەیـەك هەیـە بـێ زمـان و بـێ خـەیاڵ و بێ فـەنتازیا بێت؟ بەتایبـەتیش خوێنـەری رۆمـان، کـە رۆمـان خـۆی لەسـەر زمان و فەنتازیا و خەیاڵ هەڵدەستێت. من نـازانم ئایـا جـەبار جـەمال غـەریب بـۆ چاوەڕێی ئەوە لـە گشت خوێنـەران ناکـات کـە حـەز بـە زمـان و فـەنتازیا و خـەیاڵی جیاواز نەکـەن؟ بـۆ پێـی وایـە کـەمن ئـەو خوێنەرانـەی حـەز لـە زمـان و فـەنتازیـا و خـەیاڵ دەکـەن؟ لـەو پەرەگراڤـەدا دیـارە جـەبار جـەمال غـەریب، پـێش ئـەوەی



کتێبەکەی بخوێنرێتەوە، ئەو سنووری خوێنەری تایبەتی لە لای خۆیدا دەست نیشان کردووە، پێشی وایە کە خوێنەرێك حەز بە زمان و فەنتازیا و خەیاڵی تایبەت بکات، کەمە. یان رەنگە هەر نەبێت و یەك تاقە خوێنەریشی دەست نەکەوێت، سنووردانان بۆ خوێنەری تایبەت بە پێوەر و تێگەیشتنی پێشوەختە لە لای جەبار جەمال غەریب دا، تێکشکاندنی روحیی بێگەردیی خوێنەرە، کە پێویستە لەگەڵ خوێندنەوەی رۆمانەکەدا ببێتە خاوەن حەزی زمان و فەنتازیا و خەیاڵی تایبەت. نەوەك پێشوەختە نووسەر داوای ئەوە لە خوێنەر بکات کە پێویستە حەزی زمان و فەنتازیا و خەیاڵی هەبێت ، ئینجا بێت و رۆمانەکەی جەبار جەمال غەریب بخوێنێتەوە. من بە بەرواژی جەبار جەمال غەریب تەماشای بابەتەکە دەکەم، خوێنەر ئازادە لەوەی حەزی لە زمان و فانتازیا و خەیاڵی تایبەتی بێت یان نا, (کە من گومانم نییە خوێنەر حەزی لەو شتانە هەیە، بۆیە رۆمان دەخوێنێتەوە) ، بەڵام ئەوەی من ناتوانم لێی بێ گومان بم، ئەوەیە: کە ئایا خوێنەر حەزی لە زمان و فەنتازیا و خەیاڵی تایبەتی جەبار جەمال غەرییب هەیە یان نە؟! چونکە ناکرێت ئێمە وا لە خوێنەر بگەیەنێن کە هەموو (زمان و فەنتازیا و خەیاڵێکی تایبەت) پێویستە خوێنەر بگەیەنێتە حاڵەتێکی شیعریی و نووسینەکە بخاتە نێو خوێنی دڵییەوە؟

سنووردانان بۆ خوێنەر، چەند بندەستکردنی خوێنەرە بە کۆمەڵێ تێگەیشتن لەدەرەوەی پرۆسەی خوێندنەوەی تایبەتی خوێنەردا و سەپاندنی تیۆر و سستەمی بیرکردنەوەی کەسانێکی دیکەیە لە فۆرمی (نووسەر)دا، ئەوەندەش خۆبەدەستەوەدانی (نووسەر)ە، بۆ ئەو تێگەیشتنانەی کە لە لای خۆی بوونەتە (باوەر) و نایەوێت رەخنەیان بکات. وەك پیرۆزییەك تەماشایان دەکات.

کێشەی سەرەکی لێرەدا لای من دەبێتە پەیوەندی نێوان (نووسەر و خوێنەر، نووسین و خوێندنەوە) کە وادەکات، نووسەرانی کورد وا تێبگەن، ئەوان نووسەرن، بۆیە دەنووسن، کە دەشنووسن بۆ کەسانێك دەنووسن کە خوێنەرن، خوێنەرەکانیش تایبەتن، تایبەتەکانیش ئەو کەسانەن کە دەگەنە حاڵەتێکی شیعریی و نووسینەکە دەخەنە نێو خوێنی دڵییانەوە، بەڵام با وای دابنێین من نووسینەکە دەخەمە ناو خوێنی مێشکمەوە و لە کردەیەکی رەخنەییدا رووبەرووی نووسین و نووسەر دەبمەوە و ململانەیەکی هزری رەخنەیی لەگەڵ دەکەم، ئایا ئەوە مانای چی دەدات؟ کە من خوێنەری تایبەت نیم و نەمتوانیوە بیخەمە دڵمەوە و دواتریش پێویستە جەبار جەمال غەریب درێژە بە نووسین نەدات؟ واتە ئەگەر نووسەر خوێنەرێکی وا تایبەت نەدۆزێتەوە دەبێت واز لە نووسین بێنێت و تێبگات کە خوێنەری تایبەت نییە و درووست نەبووە و نابێتیش؟ یان بە پێچەوانەوە، لەمەودوا خوێنەر دەبێت بچێتە نێو ئەو قالبەی کە نووسەر بۆی دیاریدەکات و بە زۆریش بێت خۆی بگەیەنێتە حاڵەتێکی شیعریی و نووسینەکە بخاتە دڵییەوە؟

خوێنەر ئەگەر تایبەت نەبێت چی دەبێت؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، لە پەرەگرافەکەی جەبار جەمال غەریبدا، لەوە دەگەین خوێنەر ئەگەر تایبەت نەبوو، (وا) نەبوو، ئەوە شایانی ئەوە نییە بۆی بنووسی، چونکە خوێنەر نییە، بەڵام ئەگەر یەك تاقە خوێنەری (وا) هەبوو، ئەوە شایانی ئەوەیە رۆمانی بۆ بنووسی. لێ من دەپرسم خوێنەر ئەگەر تایبەت نەبێت، چی دەبێت؟

تایبەت بە چ مانایەك؟ تایبەت بە نووسینەکانی جەبار جەمال غەریب و ئەو نووسەرانەی وەك ئەو بیر دەکەنەوە؟ یان وەك ئەو دەنووسن؟ یان تایبەت بەو مانایەی حەزی لە سەرکێشی و زمان و فەنتازیا و خەیاڵ هەبێت؟ لە هەردوو باردا و بەدەر لەو دوو بارەش، خوێنەر خۆی تایبەتە، هەمیشە خوێنەر تایبەتیی خۆی هەیە، توانای خۆی هەیە، حەزی خۆی هەیە، لە زمان و خەیاڵ و فەنتازیا و حاڵەتی شیعریدا خوێنەر خۆی سەرپشکی خۆیەتی و ئازادە لەوەی بە چ هەناسەیەك و حەزێك و مەراقێك و ئارەزوویێك تێکەڵ بە خوێندنەوە دەبێت، خۆ ئەگەر ئەو ئازادییە نەبوو، ئەی چی بۆ خوێنەر دەمێنێتەوە؟ شتێك کە هەرگیز خوێنەر تایبەت دەکات، ئەو ئازادیەیە کە خوێنەر هەیەتی و نووسەران دەیانەوێت لێی بستێنەوە، ئەو سەربەخۆیەیە، ئەو خەیاڵ و زمان و سەرکێشیی و فەنتازیا و حاڵەتەنانەن کە خوێنەر لە نووسەر جیادەکەنەوە و دەیکەنە زیندەوەرێك کە توانای تێگەیشتنی تایبەت بە خۆی و زمانی تایبەت و خەیاڵی تایبەت و چیرۆکی تایبەتی خۆی هەبێت. ئەو پەرەگراڤەی جەبار جەمال غەریب، دەربرین لەو بارە دەکات، کە دەیوێت ئازادییەکانی خوێنەر تەسك بکاتەوە، تەنیا ئەوەندە دەرفەتی هەبێت تا نووسینەکە بخاتە نێو خوێنی دڵییەوە و لەوێوە لافاوێکی خوێن، خوێنەر بباتە نێو کتێبەوە، بەڵام من دەڵێم، خوێنەر پێویستە ئازاد بێت لەوەی ئەو کتێبە دەخاتە خوێنی دڵییەوە یان نا؟ یان دڵی خوێنەر لافاوی خوێنە یان کانییەکی رەنگینی رێحان؟ ئیدی ناکرێت نووسەر داوا لە خوێنەر بکات، کتێبەکەی چۆن بخوێنێتەوە و چۆن تێی بگات و چۆنیش بکەوێتە نێوییەوە و پێیەوە داخبار بێت.

رەگی ئەم سنووردانانە بۆ خوێنەر بەناوی (خوێنەری تایبەت) تەنیا کۆیلە کردنی خوێنەر و بندەستکردنییەتی بە مانا و بەها و دنیابینی نووسەران بۆ نووسین و بۆ خوێندنەوە، خەساندنی خوێنەریش لەوەی ئازاد نەبێت، چۆن بێ ترس و بێ هەڕەشە بخوێنێتەوە و ئازاد بێت لەوەی کتێبەکە بخاتە نێو خوێنی دڵییەوە یان سەرییەوە.

نووسین بەوە جوانە کە نووسەر ئەوەندە ئازاد بێت، لە خوێندنەوەی خوێنەر نەترسێت، ئەو گیانەی هەبێت کە خوێنەرانێك هەبن، هێرش بکەنە سەر خۆی و تێکستەکەی، رەخنەی لێ بگرن و نووسینەکەشی فرێدەنە هەر شوێنێك تەنیا دڵی خوێنەر نەبێت. ئیدی خوێنەری تایبەت ئەو کەسە نییە کە جەبار جەمال غەریب، یان من و هەر کەسێکی دیکە، بە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ سنووری بۆ دادەنێین، رەگی سنووردانان لە لای نووسەران، بۆ خوێنەران و جۆری خوێندنەوە و چۆنییەتی خوێندنەوە و هەڵگرتنی کتێب لە نێو چ قولاجێکی لەشی مرۆڤدا، بۆتە بەهایەکی بێ بنەمای هزری و زیاتر لە باوەڕێك دەکات، کە نووسەران بە هۆکاری گەورەبوون و بەزلزانیی و زمانزانی و خەیاڵبازیی و وزەی فەنتازیی خۆیانەوە گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی ئەوان خواوەندن و بڕیاریش لەسەر خوێنەر و دابەشکردنیی خوێنەر دەدەن، لێرەشدا ئەوەی دەبێتە پێوەر بۆ خوێنەری سەرکەوتوو، یان خوێنەری تایبەت، تەنیا بەرژەوەندی نووسەرە، نەوەك مەسەلەیەکی هزری یان فەنتازی یان خەیاڵ و یان هەر بەهایەکی دیکەی رۆشنبیریی.

سنووردانان بەناوی خوێنەری تایبەت، سنووردانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نووسەر، کە نووسینیش بووە تەنیا مەنجەڵی بەرژەوەندییەکان، ئیدی هیچی وای تێدا ناکوڵێت ئومێدی جوانبوون بە نووسەر ببەخشێت لەلای مرۆڤی خوێنەر.

دواتریش، ئەوە رۆمان و رستە و بەهای کتێبە وا دەکات، خوێنەر حەز لە زمانی نووسەر یان فەنتازیای نووسەر و خەیاڵی جیاوازی نووسەر بکات، خوێنەر تا

نەخوێنێتەوە نازانێت (پێنجەمین کتێب) خاوەن زمان و سیحر و خەیاڵ و فەنتازیایە یان نە؟ هەروەها ناشزانێت رەگی بیرکردنەوەکانی جەبار جەمال غەریب، سەبارەت بە نووسین و خوێندنەوە، دەگەرێنەوە سەر چ بنەمایەك؟ بۆیە خاس ئەوە، دوای بڵاوکردنەوە، بێدەنگ بین، رێ بدەین خوێنەر بە ئازادیی خۆی بێت و بەتایبەتی بمانخوێنێتەوە.